حكومة إقليم كوردستان-العراق
مـجـلـس الـوزراء
وزارة الـداخـلـية
محافظة أربيل
م.العقود العامة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
DIRECTORATE OF GENERAL CONTRACTS

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئـەنـجـومـەنـی وەزیـران
وەزارەتـی نـاوخـۆ
پـارێـزگـای هـەولێر
ب.گرێبەستە گشتیەکان

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە :
ڕێکەوت :

ژمارە : [illegible]　　/ ٢٧٢ کوردی　　٢٠٢٦/ ٧ / [illegible] زاینی

# ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 27 ) پاڵپشت بە ماددەی ( حەوت )م لە یاسایی وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( 15 ) ی ساڵی 2007، بە پێی ڕینمایی ژمارە (6) ساڵی 2024 ڕینمایی ڕێکخستنی دابین کردنی جلی دسپۆزەبلی نەخۆش

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جل و بەرگی نەخۆش دیسپۆزەبڵ بۆ 1.(A.سێتی چاو Eye shild .B Eye بەرگی داپۆشینی چاو 2.سێتی جراحە ( نەشتەرگەری جوانکاری و سوتاوی ) Normal delivery set.3 سێت منداڵ بوونی سروشتی A.4.سێت نەشتەرگەری منداڵ بونی قیصری B.دەستەی کۆتەری Cautery handle.C سێتی سەحب Suction tube set + 5.سێتی جراحەی (هەرس و جگەر 6. سێت بۆ نەخۆش ( A7 ( welcome set.سێت جراحە (نەشتەرگەری ) گەورە و منداڵ Surgical Set -B. دەستەی کۆتەری Cautery handle Set.C سێتی سەحب Suction tube set ) بۆ نەخۆشخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت . جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە، با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە، بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە، سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان، کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (دووشەممە) ڕێکەوتی ١٧ / ٨ / 2026 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت. وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

## مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە یەکێك لەم بوارانە : ( أ- کۆمپانیای بەرهەمێنانی جل وبەرگی نەخۆش ب- کۆمپانیای پێداویستی پزیشکی ج- کۆمپانیای ئامێر وپێداویستی پزیشکی ث- کۆمپانیای بازرگانی گشتی (هاوردن - فرۆشتن) ی جل وبەرگی نەخۆش) و پشتگیری تۆماری کۆمپانیاکان بۆ ساڵی 2026 بێنێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2026 و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی 2026 بێنێت .
- لەم کەمگریەدا دەبێت کۆمپانیا / بەڵێندەر سەرجەم سێتەکان لە تەواوی بڕگەکانی تەندەر پێشکەش بکات نرخی پێشکەشکراوی گونجاو بێت واتە لە سەرووی دەرخستەنەبێت بە پێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە ، تەنانەت ئەگەر بڕگەیەك یان زیاتر نرخەکەی نەگونجاو بێت لەگەڵ ڕینمایی .
- ماوەی پڕۆژە ( 730 ) ڕۆژی تقویمی .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای کۆمپانیا بەپێی خاڵی (18) دەبێت لە مەرجە تایبەتەکانی تەندەرەکە .
- بارمتەی سەرەتایی بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- لە کاتی وەرگرتنی تەندەر کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان ( تخویل ) لەلایەن کۆمپانیا یان بەڵێندەر بێنێت .
- پێویستە لەسەر کۆمپانیا یان بەڵێندەری کە کەمگریەکەی لەسەر دەگیرسێتەوە بەرلە واژووکردنی گرێبەست لە ماوەی یاسایی سەردانی ناوەندی پەسندکردنی دابینکاران بکات بە مەبەستی تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیاکەی بەپێچەوانەوە بەپێی ڕێنمایی بە پاشگەز هەژمار دەکرێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کرینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( 200,000 ) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی تاکو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**تێبینی :**

1. دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
2. کۆمپانیا پابەندە لەگەڵ هێنانەوەی تەندەر نمونەی سێتەکان پێشکەش بکات .
3. دەبێت کۆمپانیای بەشدار بوو پشتگیری فەرمی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان ( کوالیتی کۆنترۆل ) بهێنێت بۆ مەبەستی بەشداری کردن لە پرۆسەی کەمگریەکە

**ئومێد خۆشناو**
**پارێزگاری هەولێر**

**وێنەیەك بۆ:**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.

(بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......)

- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکیتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ خولاو

فرهاد 7/28